مەسعود پزیشکیان باسی لە پلانەکانی حکومەتەکەی بۆ بەڕێوەبردنی ئێران لە چوار ساڵی داهاتوودا دەکات



مەسعود پزشیکیان ئەمڕۆ پێنجشەممە لە وتووێژێکی لەگەڵ میدیای نووسینگەی پاراستن و بەاوکردنەوەی بڕەهەمەکانی عەلی خامنەیی، باسی لە پلانەکانی حکومەتەکەی بۆ بەڕێوەبردنی ئێران لە چوار ساڵی داهاتوو کرد.

پزیشکیان سەبارەت بە پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئێندامانی کابینەکەی، سیاسەت و ڕەبازە گشتیەکانی حکومەتی لە چوار ساڵی داهاتوودا بۆ پاراستنی ئارامی ئێران و دووركەوتنەوە لە گرژیەکان قسەی کرد.

سەرۆکی هەڵبژێردراو ئێران مەسعود پزیشکیان، وەڵامی ووتنکردنەوەی پێوەری گشتی بۆ هەڵبژاردنی وەزیر و ئێندامانی کابینەکەی، ڕایگەیاند: دوای مەراسیمی دەستبەکاربوونی، زۆرترین هەوڵ دەدرێت بۆ ناساندنی کابینەکە بۆ مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە زووترین کاتدا بۆ بەدەستهێنانی دەنگ و متمانە.